# گواستنەوە لە بەندەکانی ڕێکەوتنامەی سایکس – پیکۆ دا
# لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای گواستنەوە دا


**م. احمد رفیق كريم**

**بەشی جوگرافیا**

**کۆلیجی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتیەکان**

**زانکۆی سلێمانی**

**م.ی. شاد حەمید محمد**

**بەشی جوگرافیا**

**کۆلیجی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتیەکان**

**زانکۆی سلێمانی**


## پێشەکی:

گواستنەوە ئەو چالاکییە مرۆییە  لە ڕێگەیەوە دەتوانین دەستکەوتە ئابووری و ڕامیاری و کۆمەڵایەتییەکانی تیادا بەدەستبهێنین چونکە ناکرێت هیچ کام لە چالاکییە مرۆییەکان ئەنجامبدرێت بەبێ بوونی گواستنەوە بەڵکو سەرەتا و گەیشتن بەهەریەك لە هۆکارە مرۆییەکان و بەرەوپێشبردنیان لە ڕێگەی گواستنەوەیە، بێگومان جۆرەکانی گواستنەوە و ڕادەی پێشکەوتنیان بەپێی شوێنی جوگرافی ناوچەکان و کات دەگۆڕێت ئەمەش بەڕوونی دەبینرێت لە کوردستاندا چونکە هەڵکەوتە جوگرافیەکەی وایکردووە ببێتە شوێنی بەیەکگەیاندنی ئەوروپا و باشوور و باشووری خۆرهەڵاتی ئاسیا هەر ئەمەش وایکردووە بەردەوام لەلایەن وڵاتە زلهێزەکانەوە کێبڕکێ لەسەر دەستبەسەرداگرتنی بکرێت، نمونەش بۆ ئەمە پەیماننامەی سایکس– پیکۆی تایبەت بە دابەش کردنی میراتی عوسمانیە، لە نێوان وڵاتانی بەریتانیا و فەرەنسا لە ساڵی ١٩١٦دا، لە چەند مادەیەکی پەیماننامەکەدا باس لە چەمکی گواستنەوە کراوە، بێگومان ئەمەش بە مەبەستی دەستبەسەرداگرتنی ناوچەکەیە لە ڕووی ڕامیاری و سەربازی و ئابوری و جوگرافیەوە.

**چوارچێوەی شوێنی توێژینەوەکە:**

شوێنی توێژینەوەکە بریتیە لە سنوری جوگرافیی کوردستان.

**چوارچێوەی کاتی توێژینەوەکە:**

چوارچێوەی کاتی توێژینەوەکە ساڵی واژۆکردنی ڕێکەوتننامەی سایکس– پیکۆیە(١٩١٦).

**هۆکاری پاڵنەر بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە:**

گواستنەوە بە گرنگترین هۆکار دادەنرێت چ لە کاتی ئاشتی دا لە بەرەوپێشچوونی لایەنی ئابوری و ڕامیاری و بەڕێوەبردن... چ لە کاتی جەنگ و دەستبەسەرداگرتنی هەر ناوچەیەکدا، هەر بۆیە دەبینین چەمکی

گواستنەوە ڕەنگدانەوەی هەبووە لە بەندەکانی ڕێکەوتنامەکەدا ، بێگومان ئەمەش کۆمەڵێك ئامانجی ڕامیاری و سەربازی و کارگێڕی ... لە پشتەوە بووە.

**ئامانجی لێکۆڵینەوەکە:**

دەتوانین ئامانجەکانی پشت ئەنجامدانی ئەم لێکۆڵینەوە لەم چەند خاڵەدا بخەینە ڕوو:

١-دەستنیشاکردنی جۆر و بڕ و قەبارەی شێوازی دابەشبوونی جوگرافی گواستنەوە لە ڕێکەوتنامەی سایکس -پیکۆدا.

٢-دەستنیشاکردنی پلەبەندی گرنگی جۆرەکانی گواستنەوە، لە هێنانەدی ئامانجی داگیرکەرانەی لایەنەکانی ڕێکەوتنامەکە.

**کێشەی توێژینەوەکە:**

ئایا گواستنەوە کاریگەری هەبوە لەسەر ئامانج و بەرکەوتەی کۆلۆنییالیزمی و داڕشتنی بەندەکانی ڕێکەوتنامەکەدا؟

**گریمانەی توێژینەوەکە:**

بەڵێ، گواستنەوە کاریگەری هەبووە لەسەر شێواز و چۆنیەتی داڕشتن و بەرکەوتە و هەڵوێستی ڕامیاری و سەربازی و ئابوریی...لە بەندەکانی سایکس - پیکۆدا، هەر بۆیە، چەندین جار ئاماژە بە ڕێگاکان و هۆکارەکانی گواستنەوە کراوە.

**میتۆدی لێکۆڵینەوە:**

هەموو لێکۆڵینەوەیەك پێویستی بە میتۆدێك یاخود چەند میتۆدێك هەیە، بەمەبەستی زیاتر خستنە ڕووی زانیارییەکان‌و شیکردنەوەیان، لەم لێکۆڵینەوەیەدا پشتمان بە میتۆدی مێژووی و شیکاری بەستووە.

**پەیکەری توێژینەوەکە:**

وەك ستانداردێکی زانستی و ئەکادیمی، لەسەر ڕۆشنایی ناوەڕۆکی توێژینەوەکە، دابەشی چەند تەوەرێك-مان کردوە، هەر تەوەرێکیشمان دابەشی چەند باسێك کردوە کە بریتین لە:

تەوەری یەکەم: چوارچێوەی تیۆری لێکۆڵینەوەکە: دابەشی سێ باسمان کردوە کە بریتین لە: ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە، باسی دووەم: جۆرەکانی گواستنەوە، باسی سێیەم: گرنگی گواستنەوە. ناونیشانی تەوەری دووەم بریتیە لە گواستنەوە لە بەندەکانی ڕێکەوتنامەی سایکس- پیکۆ، لە دوو باس پێکهاتوە کە بریتین لە: باسی یەکەم: بەندەکانی ڕێکەوتنامەی سایکس- پیکۆ تایبەت بە گواستنەوە، باسی دووەم: هۆکارەکانی گرنگیدان بە ناوچەی لێکۆڵینەوە لە بەندەکانی ڕێکەوتنامەی سایکس- پیکۆدا. پاشان بە دەرئەنجام و پێشنیار کۆتایمان بە توێژینەوەکە هێناوە.

### تەوەری یەکەم: چوارچێوەی تیۆری لێکۆڵینەوەکە:

لەم تەوەرەدا ناوچەی لێکۆڵینەوەکەمان دەناسێنین و جۆرەکانی گواستنەوە لە ناوچەی لێکۆڵینەوەکەمان دەخەینە ڕوو، هەروەها گرنگییەکەشی دەستنیشان دەکەین، بۆ ئەم مەبەستەش ئەم تەوەرەمان دابەشی سێ باس کردوە کە بریتین لە:


### باسی یەکەم: ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە:

کوردستان وولاتی کوردان لە ئاسیای ڕۆژئاوا کەوتۆتە بەشی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و دەوڵەتێکی سەربەخۆی لێپێکنەهاتووە، ووشەی کوردستان بەشێوەیەکی نێودەوڵەتی دانپێدانەنراوە لە نەخشە و کتێبە جوگرافیەکاندا بەرچاو ناکەوێ. هەربۆیە دیاریکردنی سنوری کوردستان کارێکی گرانە[(1)] کەواتە سەرچاوەکان بەشێوازی جۆراوجۆر باس لە سنوری کوردستان دەکەن.

سەبارەت بە شوێنی فەلەکی کوردستان واتە شوێنی کوردستان بەپێی هێڵەکانی درێژی و بازنەکانی پانی، کوردستان لە نێوان بازنەی پانی (٣٩.٤٠° -٦١.٣٠°)باکور و هێڵی درێژی (٦١.٥٢° -٠٠.٣٦°)ڕۆژهەڵاتدایە. درێژای خاکی کوردستان لە باکور بۆ باشور ١٣٠٠کم و لە ڕۆژهەڵات بۆ ڕۆژئاوا ٥٥٠کم بەنزیکەیی. ئەم پانیە لای هەموو لایەکەوە وەك یەك نییە[(2)]. بڕوانە نەخشەی ژمارە (١).

نەخشەی ژمارە (١)

شوێنی جوگرافی ناوچەی لێکۆڵینەوە




سەرچاوە: کاری توێژەران بە پشت بەستن بە: عەبدوڵا غەفور، جوگرافیای کوردستان، چ٤، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥، ل١٦.

---

(١)عبدالرحمان قاسملوو، کوردستان و کورد، و:عبدالله حسن زادە، چ٢، بەبێ چاپخانە، هەولێر، ٢٠٠٦، ل١٣.

(٢)عەبدوڵا غەفور، جوگرافیای کوردستان، چ٤، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥، ل١٥.

خاکی کوردستان بەشێك لەو خاکە پێکدەهێنێت، کە ڕێگەی زەمینی و ئاسمانی نێوان وولاتەکانی ئەوروپا لەلایەك و دەوڵەتەکانی باشوری ڕۆژهەلاتی ئاسیا لەلایەکی ترەوە. لە ڕووی پێگەی ئاوییەوە دەکەوێتە سەر هەریەك لە دەریای ناوەڕاست لە باکوری خۆرئاوا و کەنداوی عەرەبی لە باشوری خۆرهەلات. ئەمە جگە لەبوونی چەند دەریاچەیەك و چەندین ڕووباری هەمیشەی و وەرزی لە ناوخۆی کوردستاندا.

**باسی دووەم: جۆرەکانی گواستنەوە:**

هۆکارەکانی گواستنەوە جۆراوجۆرن و بەپێی قۆناغە مێژوویەکان گەشەیانکردووە و بەردەوام لە گۆڕانکاریدان، لەم باسەدا بە باشی دەزانین جۆرەکانی گواستنەوە لە ساڵی ١٩١٦دا باس بکەین، بۆ ئەوەی بزانین کام جۆر لە گواستنەوە لەو کاتەدا بوونی هەبووە و لە چ ئاستێکدا بووە. کە ئەوانیش بریتین لە:

**یەکەم: گواستنەوەی ووشکانی:**

**گواستنەوەی ووشکانی بەهەموو شێوەکانییەوە بە شادەماری پێشکەوتنی ئابووری و شارستانی وولاتان و کۆمەڵگاکان دادەنرێت، چونکە پەیوەندییەکی زۆر بەهێز هەیە لە نێوان زەوی و مرۆڤدا، هەر بۆیە گواستنەوەی ووشکانی بەهۆکارێکی سەرەکی دادەنرێت لە گواستنەوەی دەرامەتە ژینگەییە جۆراوجۆرەکان لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر،گواستنەوەی ووشکانی دەبێتە چەند جۆرێك ئەوانیش:**

**١: مرۆڤ وەك هۆکاری گواستنەوە :**

**خودی مرۆڤەکان خۆیان سەرەتاترین هۆکارەکانی گواستنەوەن، ئەویش بە سود وەرگرتن لە توانای جەسەدی خۆیان لە گواستنەوەی کەل و پەل و شمەکەکانیان لەشوێنێکەوە بۆشوێنێکی تر، مرۆڤەکان بە سود وەرگرتن لە پشتیان یان سەریان یان شانیان توانیویانە نزیکەی(٦٠-٧٠)کگم هەڵبگرن تا دوری(٨-١٢)کم.**

**٢: گواستنەوە بە هۆکاری گیانداران:**

**ئاشنایەتی مرۆڤ بە ئاژەڵ مێژوویەکی زۆر دێرینی هەیە و مرۆڤەکان بۆ هۆکاری جیاجیا سودیان لە ئاژەڵ وەرگرتوە، چ وەك سەرچاوەی خۆراك، چ بۆ دروستکردنی جل و بەرگ و پێداویستیەکانی تری ڕۆژانەی، ئەمە جگە لەوەی وەك هۆکاری گواستنەوەش توانیویانە سود لە ئاژەڵەکانی وەك ئەسپ و فیل و حوشتر...بینن، گرنگی بەکارهێنانی ئاژەڵ بۆ گواستنەوە زیادیکرد بەتایبەت دوای داهێنانی گالیسکە.[1]**

**٣: گالیسکە:**

**دروستکردن و داهێنانی گالیسکە لە لایەن مرۆڤەوە، نوێگەری بوو لە هۆکارەکانی گواستنەوەدا، سەرەتا مرۆڤەکان خۆیان گالیسەکانیان ڕادەکێشا، بەلام پاشتر ئاژەلان بەکاردەهێنران بۆ ڕاکێشانی گالیسکەکان، ئەمەش قۆناغێکی پێشکەوتووتر بوو لەچاو بارکردنی بار لە ئاژەڵەکان، چونکە بەهۆی گالیسکەکانەوە،**

(١)جاسم محمد خلف، جغرافية العراق (الطبيعية و الأقتصادية و البشرية)، ط٣، دار المعرفة، قاهرة، ١٩٦٥، ص٣٣٣.

ئاژەڵەکان دەیانتوانی بۆ ماوەیەکی زیاتر و بارێکی زیاتر بگوازنەوە، دەتوانین بڵێین بەکارهێنانی گالیسکە شۆڕشێك بوو لە گواستنەوەی ووشکانی، بەجۆرێك ڕێگا و هۆکاری گواستنەوە دروستکرا بۆ دووری زیاتر و قورسایی زۆرتر.[1]

ئەم سێ هۆکارەی گواستنەوە کە ئاماژەمان پێکرد، هۆکاری سەرەکی بوون لە ساڵی واژۆکردنی ڕێکەوتنامەی سایکس –پیکۆ(١٩١٦)دا، بۆ نمونە هێزی ئینگلیز لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست پێکهاتبوو لە ٢٠٠٠ پیادە و یەکەیەکی تۆپهاوێژی شاخاوی و ٤ ئۆتۆمبێلی زرێپۆش و ٦ فرۆکە، هێزی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیش پێکهاتبوو لە دوو کۆماندۆز(فرقە) و یەك لیوا و دوو تیپ، کە تێکڕایان پیادەبوون، تەنها لە بیلادی شام توانیویانە بە ڕێژەیەکی سنوردار سوود لە شەمەندەفەر وەربگرن وەك هۆکاری گواستنەوە.[2]. بێگومان هەر وولاَتێك لە جەنگدا بێت بۆ کۆتایی هێنان بە جەنگەکە لەبەرژەوەندی خۆی، پێشکەوتووترین تەکنەلۆژیای سەردەم بەکاردەهێنێت، ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە تەکنەلۆژیای هۆکارەکانی گواستنەوەیە، کە وولاَتێکی زلهێزی وەك بەریتانیا تەنها چوار ئۆتۆمبێلی لە بەرامبەر دوو هەزار پیادەدا بەکارهێناوە،ئەوەش ئەوە دەسەلمێنێت کە پیادەڕەو هۆکاری سەرەکی گواستنەوە بوە لەو کاتەدا.

٤: گواستنەوەی ووشکانی بە شەمەندەفەر:

شەمەندەفەر هۆکارێکی گواستنەوەی ووشکانیە، کاریگەری گەورەی هەیە لە ڕووی ئابوری و کۆمەلاَیەتی و ڕامیاری و سەربازی... یەکێك لەتایبەتمەندییەکانی ئەوەیە توانای باری زۆر وقورس و قەبارە گەورەی هەیە، ئەمە جگە لەوەی سودی لێدەبینرێت بۆ هەمو ئەو کالاَیانەی کە زوو تێکدەچن و پێویستیان بە هۆکاری گواستنەوەی خێرا هەیە، هەروەها توانایەکی بەرزی هەیە لە گواستنەوەی مرۆڤەکان ئەگەر چی ژمارەشیان زۆر بێت، یەکەم هێڵی شەمەندەفەر لە بەریتانیان لە ساڵی ١٨٢٥ دامەزراوە ، ستکوکتینی بەستۆتەوە بە دارلنجتن، وولاَتە یەکگرتوەکای ئەمەریکاش لە ڕیزبەندی دووەم دا بوە لە ساڵی ١٨٣١دا، سکنکتدی و ئەلبانی بەیەکەوە بەستۆتەوە کە درێژیەکەی ٢٥کم بوە.[3]. یەکەمین ڕێگای ئاسنین لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا لە دواساڵەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا دروستکراوە ئەویش ڕێگای (ئەرزەڕم– دیڤریکی)بوو[4]پاشان چەند هێڵێکی تر دروستکرا کە سەرەکیترینیا ئەو بەشەی هێڵی بەغداد – بەرلین–ە کە پاشتر باسی دەکەین.

٥: گواستنەوەی ووشکانی بە ئۆتۆمبێل :

گەشەکردنی ئۆتۆمبێل بە چەند قۆناغێکبووە، بەلاَم یەکەم ئۆتۆمبێل کە بەشێوەیەکی زانستی دروستکرا و ئامێری ووزەی ناوەکی هەبوو دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٨٨٥، کە لە لایەن هەردوو زانای ئەڵمانی دامبر و بینز

---

(١)علي سالم حميدان الشواورة، جغرافية النقل و تطورها، ط١، دار صفاء، عمان، ٢٠١٢، ص ١٩٩–٢٠٠.

(٢)فاروق الحريري، الحرب العالمية الأولى، ط١، مطبعة أوفسيت، بغداد،١٩٩٠، ص٤٦–٤٧.

(٣)علي سالم حميدان الشواورة، مصدر سابق، ص ٢٠٢.

(٤) وريا رەحمانی، کوردستان و کورد لە ڕوانگەی نەخشەوانییەوە، چ١، چاپخانەی ڕۆژهەلاَت، هەولێر، ٢٠٠٩، ل٤٨٠.

دروستکرا. پاشان وورده وورده گۆڕانکاریان لە شێوەکەیدا کرد، سەرئەنجام ئەو گۆڕانکاریانەی کە ئۆتۆمبێلدا کرا بوە هۆی ئەوەی کە خێرایی و توانای بۆ هەڵگرتنی بار زیاتر بێت بە بەکارهێنانی کەمترین بڕ لە سوتەمەنی(بەنزین).

پاش جەنگی جیهانی یەکەم توانرا ئۆتۆمبێلی گونجاو لە ڕووی ئابووریەوە درووستبکرێت، ئەم ئۆتۆمبێلانە بۆ گواستنەوەی سەرنشین بەکاردەهێنران بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، لە ساڵی ١٩١٨دا ژمارەی ئۆتۆمبێل لە هەموو جیهاندا گەیشتە (١.٨٠٠.٠٠٠)ئۆتۆمبێل[١] ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش ژمارەکە لە زیاد بووندا بوو. بەڵام هێنانی ئۆتۆمبێل بۆ ناوچەی لێکۆڵینەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم، بەڵام ژمارەکەی زۆر کەم و سنور دار بووە.

٦: گواستنەوە بە بۆری:

یەکەم هێڵی بۆری نەوت گواستنەوە لە ئەمەریکا دروست کرا لە ساڵی ١٨٦٥دا، کە درێژیەکەی تەنها ٧کم بوو، دواتر و لەساڵی ١٨٧٥د هێڵێکی تریان ڕاکێشا کە درێژیەکەی ٩٧کم بوو، پاشتر لە ساڵی ١٩٠٠دا هێڵێکی تریان ڕاکێشا کە درێژیەکەی ١٦١ کم بوو، هەرچی ڕوسیاش بوو ٨٨٠کم بۆری نەوت گواستنەوە هەبوو لە ساڵی ١٨٨٣دا.[٢] بەڵام ئەوەی کە تایبەتە بە ناوچەی لێکۆڵینەوە لە ماوەی دیاریکراودا هیچ جۆرێکی گواستنەوە بە بۆری بوونی نەبووە چونکە لە ساڵی ١٩٣١دا بڕیار درا دەستبکرێت بە ڕاکێشانی بۆری نەوت و بۆ یەکەمجاریش لە ساڵی ١٩٣٨ دا، دەست کرا بە هەناردەی نەوت لە ڕێی بۆرییەوە[٣]. لەم کاتەدا نەوت لە لایەن ئێرانەوە دەستی بەسەردا گیرابوو لەلایەن کۆمپانیای ئینگلیزی– فارسییەوە[٤].

دووەم: گواستنەوەی ئاویی:

ئەم جۆرەی گواستنەوە ڕۆڵێکی زۆر گرنگی هەیە لە جیهانی گواستنەوەدا، چ بۆ گواستنەوەی خودی مرۆڤ چ بۆ گواستنەوەی شمەك و کەلوپەلەکانی، ئەویش بەهۆی کەمی تێچون و زۆری توانای بۆ گواستنەوە، بە تایبەتی ئەو وولاتانەی کە لەسەر دەریایین زۆرتر سود لەم هۆکاری گواستنەوەیە دەبینین، ئەمە جگە لەو ڕۆڵە گرنگەی کە دەیبینێت لە بواری سەربازیدا.

گرنگی گواستنەوەی دەریایی زیادیکرد بە گەشەکردنی بازرگانی نێودەوڵەتی، وولاتە دەریاییەکان بەهۆی شوێنی جوگرافییانەوە زۆر بە ئاسانی دەتوانن پەیوەندی هەمەجۆر لەگەڵ وولاتانی تری هەرێمی و جیهانیشدا بکەن بە تایبەت ئەم گرنگیە لە کاتی جەنگدا دەگاتە لوتکە لەبەر ئەوەی ناکەوێتە ژێر فشارو هەژموونی هیچ

---

(١)علي سالم حميدان الشواورة، مصدر سابق، ص ٢٢١.

(٢)المصدر نفسه، ص ٢٢٦–٢٢٧.

(٣)ئازاد نەقشبەندی، دەربارەی گواستنەوەی نەوتی کوردستانی عێراق، گۆڤاری سیاسەتی دەولی، ژ ١٢، سلێمانی، ١٩٩٥، ل٣٢ و ٣٦.

(٤)عەبدوڵا غەفور، جوگرافیای ئابووری نەفت لە کوردستاندا، چ٣، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٠، ل١٢.

وولاّتێکی نەیارەوە. ئەم گرنگییە دوای شۆڕشی پیشەسازی زیادیکرد لەسەر دەستی زانای ئینگلیز جیمس وات کاتێك ئامێری بوخاری(هەڵمی) بۆ جولاّنی کەشتی و شەمەندەفەر لە ساڵی ١٧٦٩ز دا بەکارهێنا. وردە وردە گەشەکردنی بەخۆیەوە دی لە ڕووی ژمارە و قەبارەوە[1].

سەبارەت بە ناوچەی لێکۆڵینەوە چەندین ڕوباری هەیە بەلاّم بەهۆی تۆپۆگرافی، ڕووبارەکانی ئەم ناوچەیە سودێکی ئەو تۆی کەشیتوانیان نیە، خۆ ئەگە هەشبێت ئەوا زۆر کەم و سنورداره، هەرچی ڕووبەر ئاویە فراوانەکانی دەوربەریشن وەك دەریای ناوەڕست و دەریایی عەرەبییە، لە لایەن ولاّتە زلهێزەکانی ئەو کاتەی جهیانەوە بەچڕی بەکارهێنراو، چ لە بواری ئابوری بێت چ لە پرۆسە سەربازی و داگیرکاریەکانیاندا بێت.

سێیەم: گواستنەوەی ئاسمانی:

گواستنەوەی ئاسمانی یەکێکە لە گرنگترین پێکهاتەکانی ژێرخانی ئابووری هەر هەرێمێکی جوگرافی لە چاخی ئێستاماندا، پێوستییەکە لە پێوستییەکانی گەشەکردن و پەرەسەندن، هۆکاری دابینکردنی جوڵەی مرۆڤەکانە بەهۆی ئەو تایبەتمەندییانەی کە هەیەتی لەوانە خێرای و خۆشگوزەرانی و زاڵبوونی بەسەر ڕێگرییە سرووشتیەکاندا بۆیە وولاّتە پێشکەوتووەکان لە کێبڕکێی ئەوەدان چۆن دۆزینەوەی نوێی تیادا بکەن و بەرەو پێشی ببەن.[2] سەدەی بیستەم دادەنرێت بە دروستکردنی یەکەم فڕۆکەی سەرکەوتوو لە شاری کیتی هوك لە ویلایەتی کارولینای باکور لە وویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ١٧ی کانونی یەکەمی ١٩٠٣دا. ئەم فڕۆکەیە لەلایەن ئخوین رایت دروستکرا. بۆماوەی ١٢چرکە لە ئاسماندا مایەوە. دەتوانین ئەمە بە خاڵی سەرەتای چاخی فڕۆکەوانی دابنێین. لە ساڵی ١٩٠٩دا بلیریوت گەشتێکی ئاسمانی کرد بۆ دووری ٣٧کم لە ٣٥خولەکدا. بیروانی جیو شافیز بە فڕۆکە بەسەر شاخی ئەلبدا فڕی لە ساڵی ١٩٠٩دا، لە بەرزی ٢٤٠٠م. رولاند غاروس بە فڕۆکە گەشتی کرد لە فەڕەنساوە بۆ تونس بە دووری ٧٦٠کم. ئەڵمانیا بەیەکەم وولاّت دادەنرێت لە بەکارهێنانی فڕۆکە بۆ بواری بازرگانی لە ساڵی ١٩١٢دا. یەکەم فڕۆکە کە بۆ جەنگ بەکارهات لەلایەن بولگاریاوە بوو لە دژی دەوڵەتی عوسمانی بەکاریهێنا لە جەنگی بەلقان (١٩١٢-١٩١٣)بوو[3]. لە ساڵی ١٩١٩دا بەریتانیا و فەڕەنسا دەستیان کرد بە بەکارهێنانی گواستنەوەی ئاسمانی بۆ لایەنی بازرگانی. یەکەم گەشت لە نێوان وولاّتانی ئەمریکا و ئەورووپادا بەسەر زەریای ئەتڵەسی لە ساڵی ١٩١٩دا بوو. بۆیە دەتوانین بڵێین لە کاتی توێژینەوەکەدا ئەم هۆکارە لە سەرەتای دەرکەوتنیدا بووە بۆیە تەنها لەلایەن وولاّتە زلهێزەکانەوە بەکارهاتووە ئەویش زیاتر بۆ مەبەستی جەنگ و بۆ بڕینی مەودای کەمبووە.

---

(١)محمد أزهر سعيد السماك و أخرون، جغرافية النقل بين المنهجية و التطبيق، ط١، دار بن الأثير، موصل، ٢٠٠٨، ص٢٠٤-٢١٢.

(٢)علي سالم حميدان الشواورة، مصدر سابق، ص ٢٣٢-٢٨٥.

(٣)بەبێ ناوی نوسەر، تأريخ طيران،٢-٢-٢٠١٦ https://ar.wikipedia.org/wiki.

**باسی سێیەم: گرنگی گواستنەوە:**

دەرکەوتنی و بەرەوپێشچوونی هەر دەوڵەتێك دەوستێتە سەر هەبوونی گواستنەوەی جۆراوجۆر ئەمەش بۆ ئەنجامدانی چالاکی ئابووری و سەربازییە، هەموو ئەم چالاکییە مرۆی و سەربازیانە پێوستیان بە بنەماکانی گواستنەوە هەیە. ناوچەی لێکۆڵینەوە بەردەوام جێی گرنگی بەیەکگەیاندنی وولاتانی خۆرئاوا بە خۆرهەلات بوو بەلام دوای کردنەوەی نۆکەندی سوێس تا ڕادەیەك ئەم گرنگییەی کەم بووە بۆیە وای لە وولاتە زلهێزەکانکرد بیر لە هۆکاری گواستنەوەی جێگرەوە بکەنەوە لە ناوچەکەدا، دەتوانین گرنگی گواستنەوە بەشێوەیەکی سەرەکی بخەینەڕوو:

١–لە ڕووی ئابووری:

گواستنەوە بە یەکێك لە هۆکارە کاریگەر و بەهێزەکانی پەرەپێدانی ئابوری و زیادکردنی بەرهەم دادەنرێت بە تایبەتی گواستنەوەی پێشکەوتوو، بەجۆرێك بوژاندنەوەی بازاڕەکان بەهۆی چاکسازیەکان بووە کە لە گواستنەوەدا کراوە هەروەها بووە هۆی فراوانبوونی بازاڕەکان چونکە شمەکی جۆراوجۆر پێشکەش دەکرێت ئەمەش دەبێتە هۆی زیادکردنی داواکاری. گواستنەوە ڕۆڵی گرنگ دەبینێت لە گەشەسەندنی ئابووری هەر ناوچەیەك جا ئەو ناوچەی وولاتێك بێت یان هەرێمێك بێت. چونکە جۆری جوگرافیای ناوچەکە و ئاستی چالاکی ئابووری پشت دەبەستێتە سەر بڕ و جۆری گواستنەوەکە .

٢–لە ڕووی ڕامیاری و سەربازییەوە:

ڕێگاکانی گواستنەوە بەپێوەرێکی ئابووریانە دەپێورێ و هەژمار دەکرێت و دەستکەوت و داهات لە ڕێگاگانی گواستنەوە دەستدەکەوێت، بەلام هەندێك جار تێبینی ئەوەدەکرێت هەندێ لە شێوازی ڕێگاوبان بەو مانا ئابووریانە نایەت کە ئێمە تێی گەیشتووین بۆ نموونە کاتێ ڕێگاوبانێك بۆ ناوچە دورە دەستەکانی دەوڵەتێك دادەمەزرێ ئەم کارە گەر بەتەنها لێکی بدەیتەوە ئابوریانە نییە، بەلام بەپێی پلانێکی سیاسی یان ستراتیژی ڕاکێشراوە بۆ ئەوەیە دەسەلاتی دەوڵەت بگاتە ئەو شوێنە دورە یان بۆ ئەوەی بە خێرای بگاتە ئەو ناوچانەی کە بایەخێکی ستراتیژیان هەیە لە پاراستنی دەوڵەتەکەدا ، بۆیە هەمیشە مەبەستە سەربازییەکان لەپشت ئەو گۆڕانانەوە بوون کەبەسەر هۆیەکانی گواستنەوەدا هاتون چ لەڕووی شێوە یا قەبارە یا خێراییان یا تواناکانی گواستنەوە[1] چونکە هەر سەرکردەیەکی سەربازی لە ئەنجامدانی پرۆسەی سەربازیدا سەرەتا بیر لەوە دەکاتەوە کە ئەو شوێنە ڕێگاوبانی پێوستی تێدایە تاوەکو پێویستییەکانی جەنگ بە زووترین کات بگەنە ناوچەی مەبەست بەتایبەت لە ناوچە شاخاوییەکاندا کە ناتوانرێ بە هەموو شوێنێکدا بڕۆن، بەپێچەوانەوەشە لاوازی تۆڕەکانی ڕێگاوبان زۆر جار پرۆسەیەك پەك دەخات یان دەبێتە هۆی سەرنەکەوتن، بۆیە سەرکردە سەربازیەکان پێویستە سەرەتا بەوردی لێکۆڵینەوە بکەن لە شێوازی دابەشبوونی دیاردە سروشتیەکانی ناوچەکەو هەر

(١)عەبدوڵلا عەتەوی ، دەوڵەت و کێشە نێودەوڵەتییەکان ، و.جەزا تۆفیق تالیب و ئەحمەد عەلی ئەحمەد ، چ٢ ،چاپەمەنی گەنج، سلێمانی ، ٢٠٠٧ ، ل٢٥٢.

بەربەستێ هەبێ لەبەردەم جوڵەدا زاڵبن بەسەریدا ئەویش بە لێدانی ڕێگای نوێ و پرد، لایەنی نەیار زۆر کات دوای پاشەکشەکردنی سەربازەکانی هەڵدەستێت بە تێکدانی سەرجەم پرد و ئاوبارەکانی. [1]

کەواتە لە ڕووی ڕامیاریی و سەربازییەوە، ڕێگاوبان لە لایەنی کۆمەڵایەتی و ئابووری کەمتر نییە ئەو دەوڵەتانەی کەخاوەن ڕێگای باشن زۆرتر دەتوانن داکۆکی لە خاك و نەتەوەکەیان بکەن و بە ئاسانی دەست بەسەر ناکۆکی و کێشەکانی ناوخۆ بگرن بەهەمان شێوەش بۆ ئەو ناوچانەی کە خەباتی چەکداری دژی ڕژێمی ناوەندی دەکرێ بۆ کۆکردنەوەی خەڵك و بەرەنگاربوونەوەی دوژمن بۆ پارتیزانەکان ئاسانترە[2] چونکە هاتوچۆ یارمەتیدەرە بۆ تەواوکاری و پەیوەندیی لە نێوان دانیشتوان و دەسەڵاتدا و گەشەکردنی هەستی نیشتیمانی و نەتەوایەتی[3]و یارمەتیدەرە بۆ تەواوکاری یەکێتی وڵات بەمانایەکی تر یەکێتی وڵات لە ڕێگای بەستنەوەی هەرێمەکان و زاڵبوون بەسەر هەموو بەشەکانیدا ڕۆڵێکی گەورە دەبینێ لە بەرگری وڵاتدا[4] .

**تەوەرەی دووەم: گواستنەوە لە بەندەکانی ڕێکەوتنامەی سایکس- پیکۆدا:**

ڕێکەوتنامەی سایکس پیکۆ لێکتێگەیشتنێکی ژێر بە ژێری نێوان نوێنەرانی هەریەك لە بەریتانیای گەورە مارك سایکس و فەڕەنسا فرانسیس جۆرج پیکۆت بوو، لە ساڵی ١٩١٦دا لە میانەی جەنگی جیهانی یەکەمەوە هاتە ئاراوە. ئەم ڕێکەوتنامەیە بۆ دابەشکردنی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی هەریەك لە (سوریا، عێراق، لوبنان، فەڵەستین) بەسەر بەریتانیا و فەڕەنسدا. [5] بڕوانە نەخشەی ژمارە (٢)، بۆ ئەم مەبەستە دوانزە بەند دانرا لە چەند بەندێکدا باس لە گواستنەوە دەکرێت بۆیە پێمان باشە لەم بەشەدا باس لە گواستنەواە بکەین کە لەم بەندانەدا باسکراون و دەکەونە سنوری ناوچەی لێکۆڵینەوەکەمان و گرنگییەکەیان دەخەینە ڕوو.

---

(١)جەزا تۆفیق تالیب ، هاتوچۆو ڕێگاوبان و پرۆسەی سەربازی ، گۆڤاری چیا ، ژمارە (٢٣)، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل٤-٥.

(٢)عبدالله غفور، جوگرافیای باشووری کوردستان ، چ١، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٨،ل ٣٠٩ .


(٣)عدنان السید حسین ، الجغرافیا السیاسیة و الأقتیصادیة و السکانیة للعالم المعاصر، المؤسسة الجامعیة للدراسات و النشر و التوزیع، بیروت، ط١ ، ١٩٩٤، ص٣٥.

(٤)شاکر ظاهرفرحان الزیدي، جغرافیة الانتخابات البرلمانیة في العراق لعام ٢٠٠٥(دراسة في جغرافیة السیاسیة)، رسالةماجستر، کلیة الآداب - جامعة بغداد، ٢٠٠٧، ص١٠٢.

(٥)هیسەر لێهر واگنەر، کوردستان لە نێوان سیڤەر و سنورە دەستکردەکاندا، و:شەفیقی حاجی خدر، چ٢، چاپخانەی ئاوێر، هەولێر، ٢٠١٥، ل٨٩-٩٠.

**نەخشەی ژمارە (٢)**

**شوێنی کوردستان لە نەخشەی ڕێکەوتنامەی سایکس– پیکۆدا**




**سەرچاوە: کاری توێژەران بەپشت بەستن بە:**

**أ– عەبدوڵلا غەفور، جوگرافیای کوردستان، چاپی چوارەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە– هەولێر، ٢٠٠٥، ل١٥.**

2- jewishvirtuallibrary, Map of The Sykes-Picot Agreement www.jewishvirtuallibrary.org,11.feb.2016

## باسی یەکەم: بەندەکانی ڕێکەوتنامەی سایکس پیکۆ تایبەت بە گواستنەوە:

لە چەند بەندێکی ڕێکەوتنامەکەدا چەمکی گواستنەوەی تێدا بەکارهاتووە، لێرەدا ئەو بەندانە دەخەینە ڕوو کە تایبەتن بە گواستنەوەی ناوچەی لێکۆڵینەوەکەمان، کە بریتین لە:

**یەکەم: بەندەکانی تایبەت بە گواستنەوەی شەمەندەفەر:**

لە بەندێکیی ڕێکەوتنامەکەدا باس لە گواستنەوەی شەمەندەفەر دەکات لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا ئەو بەندە بریتییە لە:

بەندی شەشەم: "هێڵی ئاسنینی بەغدا لە ناوچەی (أ) ناگەڕێتەوە ئەودیو موسڵ لە باشوور، بەهەمانشێوە ناگەڕێتەوە ناوچەی (ب) بۆ ئەودیو سامەڕا لە بەشی باکور تا ئەو کاتەی هێڵێکی ئاسن بۆ بەغدا دروستدەکرێ کە بەحەلەبەوە تێپەڕێ و لە دۆڵی فوراتیش گوزەر بکات، ئەمەش دەبێت بەهاوکاری هەردوو حکومەت بێت".

لە بەندەکانی ڕێکەوتنامەکەدا باس لە درووستکردنی هێڵی شەمەندەفەر دەکرێت لە ناوچەکەدا هەرچەندە زۆر بەڕوونی شوێنەکەی دیارینەکراوە بەڵام مەبەستیان بەستنەوەی ناوچەکەیە بە دەریای ناوەڕاست و کەنداوی عەرەبییەوە.

مێژووی بیرۆکەی دروستکردنی ئەم هێڵی شەمەندەفەرە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەیەم لەلایەن دەوڵەتی عوسمانیەوە. بەڵام بەهۆی ململانێ هەرێمییەکانەوە دواکەوت لە ساڵی ١٩٠٩دا ئەڵمانیا ڕایگەیاند کە ٩٤٦کم لە پرۆژەکەیان جێبەجێکردووە و بەزووترین کات ٤٧٠کم تریش جێبەجیدەکەن. کاتێك جەنگی جیهانی یەکەم دەستیپێکرد ئەڵمانییەکان زیاتر گرنگیان بەکارەکانیاندەدا. لەسەرەتای جەنگەکەدا ئەڵمانیا ویستی ئەو بەشەی کە دەکەوێتە ناوچە کوردییەکان جێبەجێی بکات . ئەوان ڕێگای بەغداد – سامەڕایان دروستکردبوو بۆیە دەیانویست لە سامەراوە بۆ باکور و لە بەغدادەوە بۆ باشور کارەکانیان دەستپێبکەن. بۆ ئەم مەبەستەش کرێکارێکی زۆری کوردیان خستە کارەوە چونکە ئەڵمانیەکان کاری کوردەکانیان بەدڵبوو.[١] لە ساڵی ١٩٢٥دا ئەم هێڵەیان گەیاندە کەرکوك[٢]. لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم پاشماوەی تەواونەکراوی هێڵەکە لە لایەن بەریتانیا و فەرەنساوە ئەنجامدرا و لە ساڵی ١٩٤٠دا تەواویان کرد، یەکەم گەشتیش لە ١٥ی یۆلیۆی ١٩٤٠ لەنێوان بەغدادو ئەستەنبوڵ ئەنجام درا.[٣]

دووەم: بەندەکانی تایبەت بە گواستنەوەی دەریایی:

لە یەکێك لە بەندەکاندا باس لە بەنداوی ئەسکەندەرونە دەکات بۆ مەبەستی گواستنەوەی ئاوی بەم شێوەیەی خوارەوە:

ماددەی پێنجەم: "بەنداوی ئەسکەندەرونە بۆ بازرگانی ئیمپڕاتۆریەتی بەریتانی ئازاددەبێت و هیچ مامەڵەیەکی جیاواز لە باجەکانی بەنداوی ناکەوێتە سەر و هیچ ئاسانکارییەکی تایبەتیش بۆ کەشتیوانی و کەلوپەلەکانی بەریتانی ڕەتناکرێتەوە و ڕێپێدانی ئازادی گواستنەوەی کەلوپەلەکانی بەریتانیا لە ڕێگای ئەسکەندەرونە و هێڵە شەمەندەفەرە نوێیەکان لە ناوچەی شین دەبێت، جا چ لە ناوچەی سور یاخود هەردوو ناوچەی (أ )و (ب)دا هەبن یان لێوەی دەربچن و هیچ مامەڵەیەکی جیاوازیش (ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ) لەهەر هێڵێکی شەمەندەفەر یان بەنداوێك لە بەنداوەکانی ئاماژە بۆکراو ی ناوچەکانەوە جێبەجێناکرێ کە پەیگیری کەلوپەل و کەشتییەکانی بەریتانی بێت".

(١)كمال مظهر أحمد، كردستان في سنوات الحرب العالمية الاولى، ت: محمد الملا عبد الكريم، ط٢، دار أفاق، بغداد، ١٩٨٤، ص٢٧-٢٨.

(٢)محمد رؤوف سعيد فتح اللة، تطوير النقا بالسكك الحديد و دوره في عادة توطين المنشأت الصناعة الكبيرة في العراق، أطروحة دكتوراه، كلية الأدارة و الأقتصاد، جامعة المستنصرية، ١٩٩٦، ص١٣-١٥.


(٣). بەبێ ناوی نوسەر، ، سكة حديد بغداد ،٢-٢-٢٠١٦ https://ar.wikipedia.org/wiki،

ئەم بەندەرە دەکەوێتە شاری ئەسکەندەرونە لە لیوای ئەسکەندەرونە، لەسەر کەنداوی ئەسکەندەرونەیە لە دەریای ناوەڕاست.لە ژێر دەستی ئیمراتۆریەتی عوسمانیدابوو تا جەنگی یەکەمی جیهان لە کاتی جەنگی جیهانی یەکەمدا لە ژێر دەستی بەریتانیەکاندابوو، پاشان درا بە فەڕەنسیەکان وەك بەشێك لە سوریا، تاساڵی ١٩٣٩ درا بە تورکیا[١].

بێگومان بەندەرەکان ڕکابەرێکی گەورەی بازرگانییە بۆ ناردنە دەرەوەی مادەی خاو و بەرهەمی ناوخۆیی و هێنانی شمەکی پێوست لە وولاتانی دەرەوە، بۆیە پێوستە بەندەرەکان بەتۆڕێکی گواستنەوەی ووشکانی باش ببەسترێنەوە. [٢].ئەم بەندەرەش هێڵی بەغداد– بەرلینی لەنزیکەوە پیادا تێپەڕ دەبوو، هەر بۆیە ئەم بەندەرە گرنگییەکی گەورەی بۆ کوردستان و ناوچەکە هەبوو کە دەیگەیاند بەجیهانی دەرەکی بەتایبەت پاش تەواوبوونی هێڵی شەمەندەفەری بەغداد– بەرلین، کە قازانجی ئەم ناوچەیە بۆ بەشەکانی تری کوردستان و ناوچەکە بوو. بڕوانە نەخشەی ژمارە(٣).

نەخشەی ژمارە (٣)

شوێنی جوگرافی هێڵی شەمەندەفەری بەغداد– ئەستەنبول و بەندەری ئەسکەندەرونە




سەرچاوە: کاری توێژەران بە پشت بەستن بە:

١-نەخشەی ژمارە (١).

2-https://ar.wikipedia.org/wiki.٢٠١٦-٢-٢ ،بەبێ ناوی نوسەر، ، سكة حديد بغداد

(١). بەبێ ناوی نوسەر، ، الأسكندرونة ،٢-٢-٢٠١٦ https://ar.wikipedia.org/wiki،.

(٢)محمد رؤوف سعيد فتح اللة، مصدر سابق، ص٢٣.

**باسی دووەم: هۆکارەکانی گرنگیدان بە گواستنەوەی ناوچەی لێکۆڵینەوە لە بەندەکانی ڕێکەوتنامەی سایکس پیکۆدا:**

**١-هۆکاری ئابووری:**

گومان لەوەدا نییە کە زۆربەی وڵاتانی جیهانی سێهەم لە ڕووی ئابوورییەوە بە بازاڕەکانی سەرمایەداری جیهانەوە پەیوەستن هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ فراوانی دەسەڵاتی کۆمپانیا فرە لایەنەکانی جیهان کە ئابووری جیهانیان کۆنترۆڵکردووە دەستیان گرتووە بەسەریدا، کوردستان بەبەردەوامی هەوڵی داگیرکردنی دراوە بۆیە ڕێگاکانی بەمەبەستی ئابووری سودی لێوەرنەگرتووە چونکە ئەم وڵاتانە بەردەوام ویستویانە ناوچەکە لەدواکەوتویدا بمێنێتەوە، ئەوەی تێبینی دەکرێ پەیوەندی وولاتانی پێشکەوتوو و دواکەوتوو پەیوەندییەکی مێژووییە کە گەشەی کردووە بەهۆی دەسەلاًت و قۆرغکردنی داگیرکەران بۆیە دەبینین وڵاتانی جیهانی سێیەم لە ڕووی ئابوورییەوە پەیوەستن بە بازاڕەکانی سەرمایەداری جیهانەوە[1] گرنگیدان بە ناوچەی لێکۆڵینەوە لە ڕووی ئابووریەوە دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێك:

١-لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا لە کۆتای سەدەی نۆزدەدا گەڕان بەدوای نەوتدا دەستی پێکرد و بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٠١دا بەرهەمهێنانی تیادا کرا[2]. یەکەم بیرە نەوت نەك لە کوردستان بەڵکو لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە نۆڤێمبەری ساڵی ١٩٠٢دا لە چیای سورخدا لێدرا هەرچەندە ئاکامی باشی نەبوو. پاشان لە چەندین شوێنێکی تر بیر لێدرا لە کۆتادا لە مەسجدی سلێمان لە ٢٨ی مایۆی ١٩٠٨دا نەوت بە ئەندازەی بازرگانی لە کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دۆزرایەوە بۆ ماوەی ١٥ساڵ تاقانە بوو. [3]

٢-وەك دەزانرێت بەشێکی زۆری گرنگی پێدان بە گواستنەوە دەگەڕێتەوە بۆ بوونی نەوت لە ناوچەکەدا چونکە لەسەرەتادا تێچوونی گواستنەوەی نەوت زیاتربوو لە تێچوونی بەرهەمهێنانی بۆیە دەوڵەت و کۆمپانیاکان هەوڵیاندا چارەسەری ئەم گرفتە بکەن. چونکە دەرهێنانی نەوت دوو سودی هەبوو یەکەمیان گواستنەوەی نەوت تاکە ڕێوشوێنێکە بۆ سود وەرگرتن لە چاڵە نەوتەکان و دووەم کاردەکاتە سەر نێوەندی بەرهەمهێنان[4].

٣-بەریتانییەکان پێیان وابوو بوونی نەوت لە ناوچەکەدا هۆکارێکە بۆ ئەوەی ناوچەکە لەژێر دەسەڵاتیان بێت وە هەر هێزێکی تر دەستی بەسەردا بگرێت دەبێتە لایەنی نەرێنی بۆ بەرژەوەندییەکانیان. لەگەڵ گرنگیدان بە هێڵی ئاسن، گرنگیدان بە پترۆڵی کوردستان زیادیکرد بۆیە ئەمە مەترسی خستە بەردەم ئینگلیزەکان. لە

---

(١)مها ذياب حميد بدّي، منظمة التجارة العالمية والأمن القومي العربي(دراسة في الجغرافية السياسية)، أطروحة دكتوراه، كلية كلية الآداب، جامعة بغداد، ٢٠٠٤، ص٢٩-٣٠.

(٢)عبدالحميد بلال و أخرون، جغرافية الآقتصادية، ط٤، مطبعة النجاح، بغداد، ١٩٥٢، ص١٩٥س .

(٣)عەبدولڵا غەفور، جوگرافیای ئابووری نەفت لە کوردستاندا، سەرچاوەی پێشوو، ل٣١

(٤)ئازاد نەقشبەندی، سەرچاوەی پێشوو، ل٣١.

ساڵی ١٨٩٢دا بەریتانیا ڕایگەیاند نابێ هیچ هەنگاوێك بۆ دروستكردنی هێڵی شەمەندەفەر بدرێت تاوەكو پرس بەوان نەكرێت. هەروەها پێیان وابوو كوردستان بەشێكی بنەڕەتیە لەهەر پلانێكی بەریتانی بۆ بوژاندنەوەی كشتوكاڵ و دەبێتە هیوا بۆ كۆگای دانەوێڵە بۆ ئیمپراتۆریەتی بەریتانی[1].

٤-كوردستان بەگشتی و بەتایبەتر بەشی باكوری خۆرهەڵاتی گرنگیەكی گەورەی بۆ ئابوری ڕووسیا هەبوو، لەبەر ئەوەیی ببوە بازارێكی گرنگ بۆ ساغكردنەوەی كەلوپەلی بازرگانی رووسیا، ئەمە جگە لەوەی زۆر بەخێرایی و بە ئاسانی كەلوپەلەكانیان دەگەیشت، ئەمەش بە یەكێك لە هۆكاری دەستوەردانەكانی ڕامیاری رووسیا دادەنرێت لەناوچەكەدا، بەشێوەیەكی گشتی دەتوانین بڵێین دەستێوەردانی سەرمایەداره بیانیەكان هۆكار بوون بۆ دروستكردنی گرفت لەوانە دروستنەكردنی هێڵی شەمەندەفەر.[2]

٥-سەبارەت بە دروستكردنی هێڵی شەمەندەفەری (بەغداد- بەرلین) داهاتێكی زۆری بۆ ناوچەكە هەبوو بۆ نمونە لە ساڵی ١٩١٤دا ئەو بەشەی كە دەكەوتە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی داهاتەكەی (٣٩.١٦٣.٠٠٠) جونەیهی ئیستەرلینی بوو كە لە(٦١.٧٪)هەموو وەبەرهێنانی بیانی بوو لە ناوچەكەدا لەو ساڵەدا. هەر بۆیە ئەم پرۆژەیە بایەخێكی ئابووری گەورەی هەبوو، ژمارەیەكی زۆر كورد لەم پرۆژەیەدا كاریان دەكرد چونكە ئەڵمانەكان كاری كوردەكانیان بەلاوە باشتربوو، هەر ئەم بایەخە ئابووریە وایكرد زۆرێك لە خاوەن بانكەكان بایەخی پێبدەن.[3]

**٢-هۆكاری سیاسی:**

وڵاتە زلهێزە نێودەوڵەتی و هەرێمیەكان بەردەوام لە ململانێدابوون بۆ ئەوەی دەستبگرن بەسەر خاكی كوردستاندا و لە ململانێیەكی توندی بەدەستهێنانی مافی ڕاكێشانی هێڵی شەمەندەفەری بەغداد-بەرلین و دەستگرتن بەسەر بەندەری ئەسكەندەرونە دا بوون.

سەبارەت بە بیرۆكە و دروستكردنی هێڵی شەمەندەفەری بەغداد- بەرلین زیاتر لە سەدەیەكی خایاند هۆكارەكەی دەگەڕێتەوە بۆ ململانێ نێوان وڵاتە زلهێزەكان و هۆكارە سیاسیە هەرێمییەكان وایانكرد ئەم پرۆژەیە دروستنەكرێت. چونكە وڵاتانی زلهێز بەردەوام لە كێبڕكێدابوون ئەم هێڵە دروستبكەن بۆ ئەوەی بكەوێتە ژێر ڕكێفی خۆیان هەر ئەم هۆكارەش بوە هۆی گۆڕینی ئاڕاستەكەی بۆ چەندین جار بە پێی وویستی وڵاتەكان چونكە هۆكارەكانی گواستنەوە لەپاڵ ئەركە ئابووریەكەی دا ئەركی سیاسی و ستراتیژی و سەربازیشی دەكەوێتە ئەستۆ لەلایەك ڕۆڵی گەورەی لە هاتنە ئارای یەكێتی دەوڵەتان دەبینێ و لە لایەكی ترەوە

---

(١)سعد بشير أسكندر، من التخطيط الى التجزئة سياسة بريطانيا العظمى تجاه مستقبل كردستان ١٩١٥-١٩٢٣، ط١، مطبعة شفان، سليماني، ٢٠٠٧، ص٥٦.

(٢)م.س.لازاريف، المسألة الكردية، ١٨٩١-١٩١٧، ت: اكبر أحمد، ط١، مركز كردستان للدراسات الآستراتيجية، سليمانية، ٢٠٠١، ص٧٨.

(٣)المصدر نفسه، ص٧١.

دەبێتە بابەتی پێشبڕکێی ململانێی ئیمپریالیستی. دەتوانین بڵێین بیرۆکەی دروستکردنی ئەم هێڵە بە چەند قۆناغێکدا ڕۆیشت[1]:

١-سەرەتا بە بیرۆکەی دروستکردنی شەمەندەفەر دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی سەدەی نۆزدە لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە.

٢-لەپاشاندا کاتێك بەریتانییەکان چاویان بڕیە ناوچەکە ئەم بیرۆکەیان بەلاوە گرنگبوو هەربۆیە لەسیەکان و پەنجاکانی سەدەی نۆزدەدا دوو پرۆژەیان گەڵاڵە کرد بۆ بەستنەوەی ناوچەکە بەدەریای ناوەڕاستەوە بەناوی پرۆژەکانی (Chesney) و (Anderwer) لە لایەکی ترەوە بەریتانیا بەرهەڵستی هەموو پرۆژەیەکیان دەکرد کە بەغداد بە ئەستانە (ئەستەمبوڵ) ببەستێتەوە چونکە پێیان وابوو هێز دەبەخەشێتە عوسمانیەکان و کەمتر دەکەوێتە ژێر دەستی ئینگلیزەکان بەڵام سەرمایەدارانی ئینگلیز جیاواز لە حکومەتی ئینگلیز بیریان دەکردەوە بەردەوام لە پێشکەشکردنی پرۆژەی دروستکردنی هێڵی شەمەندەفەردا بوون کە سەرجەمی پرۆژەکان بە کوردستاندا تێدەپەڕین، ئەم پرۆژانە هەرچەندە سیمای ئابووریان هەبوو بەڵام لە ئامانجی سیاسی و ستراتیژی بە دوور نەبوون هەرچەندە لە لایەن سەرمایەدارەکانەوە دەخرانەوە ڕوو بەڵام دەبووە جێگای مشتومڕ و ململانێی دەوڵەتەکان و ئەوان خۆیان تیادا هەڵدەقورتاند. جارێکی تر لە ساڵی ١٨٥٧دا ئەندرۆید نامەیەکی نارد بۆ پالمرسیۆن سەرۆك شالیارانی ئەو دەمەی ئینگلیز تیادا ئاگاداری کردەوە ئەگەر ئینگلیزەکان ئەو ئەرکە نەگرنە ئەستۆی خۆیان ئەوا ڕێگای فورات دەکەوێتە دەست کەسانی تر.

٣-پاشان پرۆژەیەك لەلایەن کۆمپانیای ئەڵمانی - ڕوسیەوە گەڵاڵەکرا بۆ بەستەوەی بەغداد- ئەنادۆڵ. چونکە لەم کاتەدا ڕووسەکان بەنیازبوون لە ڕووی سیاسی و بەرگریەوە دەست بەسەر فوراتدا بگرن نیازی ڕکابەرەکانیشی ئەوەبوو فورات نەکەوێتە دەست ڕوسەکانەوە.

٤-لە ساڵی١٨٨٠دا فەڕەنسیەکان گرنگیان بە دروستکردنی هێڵێکدا بە ئاڕاستەیەکی جیاوازتر، ئەوان دەیانویست پرۆژەی هێڵی ئاسنینی دەریای ناوەڕاست - هندستان بە ناوچەکانی تەرابلوس- حەلەب- روها- مێردین- موسڵ- بەغداد- کوت-مەندەلی- ئەهواردا بڕوات. گرنگی پێدانی فەڕەنسییەکان بەم پڕۆژەیە ترسی لای ئینگلیزەکان دروستکرد چونکە نۆکەندی سوێسیش لەو کاتەدا هەر لە ژێر دەستی فەڕەنسییەکاندابوو.

٥- پاش ساڵێك ئەڵمانییەکان هاتنە گۆڕەپانەکەوە. بەم جۆرە لەساڵی ١٨٨٩دا کۆمپانیای عوسمانی بۆ هێڵی ئاسنینی ئەناتۆلیا دامەزرا یەکەم کۆمپانیای ئەڵمانی بوو مافی جێبەجێکردنی پرۆژەی هێڵی ئاسنینی لە دەوڵەتی عوسمانی پێدرا. پرۆژەکە لەلایەن ئەڵمانیەکانەوە دانرا بۆ بەستنەوەی بەرلین بە کەنداوی عەرەبی کە

(١)بۆ زیاتر وەرگرتنی زانیاری بڕوانە : أديث وائي ، أيف، بينروز، العراق (دراسة في علاقات الخارجية و تطورات الداخلية)، و: عبدالمجيد حسيب القيسي، ط١، الدار العربية، لبنان، ١٩٨٩، ص٧١. و کامەران ئەمەد محەمەد ئەمین، کوردستان لە نێوان ململانێ نێودەوڵەتی و ناوچەییدا، ١٨٩٠-١٩٣٢، چ١، چاپ و ئۆفیسی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل١٥. و م.س.لازاریف، مصدر سابق، ص٧٨.

ناوچەی لێکۆڵینەوە دەبووە بەشێکی سەرەکی ئەم هێڵە. هەر بۆیە ئەڵمانیا لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی ڕێکەوتن بۆ دروستکردنی هێڵێك لە ئەستەنبوڵەوە بۆ کەنداوی عەرەبی کە لەلایەن کۆمپانیای ئەڵمانیەوە دروستبکرێت و مەرجی سەرەکی هێڵەکە ئەوەبێت لەو ناوچانەی نەوتی تیادایە نزیك کێڵگە نەوتیەکان دروستبکرێت. بەڵام بەریتانیا بەم ڕێکەوتنە رازینەبوو چونکە لەبەرژەوەندی ئابووری ئەودا نەبوو هەروەها پێی وابوو دەبێتە هەڕەشە بۆی لە کەندا و تەنانەت لە هندستانیش.

٦-ڕوسیا بەردەوام لە ترسی ئەوەدا بوو ئەڵمانیا دەست بەسەر ئەم ناوچەیەدا بگرێت ئەمەش کاریدەکردە سەر بەرژەوەندییەکانی بۆ گەیشتن بە دەریای ناوەڕاست بۆیە لە ساڵی ١٩١١دا گەیشتنە ڕێکەوتنێك بۆ بەستنەوەی هێڵی شەمەندەفەری بەغدا بە تۆڕی شەمەندەفەری روسیاو وولاتی فارس واتە( تۆڕی ئەڵمانی-فارسی) پێکبهێنرێت.

٧-لەسەرەتای جەنگی یەکەمی جیهاندا ئەڵمانییەکان بەشی نێوان بەغداد- بەصرەیان تەواوکرد. بەم چەشنە پرۆژەی هێڵی ئاسنینی بەغدا بوو بە کێشەیەکی دیپلۆماتی نێودەوڵەتی، شالیارگەری زۆر وولاتانی خەریککرد. وەك پرینس لیکۆنۆفسکی باڵوێزی پێشووی ئەڵمانیا لە لەندەن نوسیویەتی (ئەو پرۆژەیە یەکێك بوو لەو هەوڵە دیپلۆماتیکانەی کاریگەری گەورەی لە هەڵگیرسانی جەنگدا هەبوو) لەهەمانکاتدا کاریگەری لەسەر کورد و کوردستان هەبوو یەکێکیش بوو لەو ئەگەرانەی وایکرد زۆربەی شەڕەکانی بەرەی خۆرهەڵات لەسەر خاکی کوردستان ڕووبدات تەنانەت ترسناکی و کاریگەری ئەو پرۆژەیە ئەوەندە گەورەبوو هەندێك لە نوسەران بە(تارمایی سەدەی بیستەم ناویان دەبرد).

سەبارەت بە بەندەری ئەسکەندەرونەش بێبەش نەبووە لە ململانێکان بەهۆی ئەوەی دەکەوتە ناوچەیەکی ستراتیژیەوە وەك لە پێشەوە باسمانکرد کێشمەکێشمی زۆری لەسەربوو بەمەبەستی دەستگرتن بەسەریدا بەتایبەت دوای دروستکردنی هێڵی ئاسنینی بەغداد- ئەستەنبوڵ کە بەم ناوچەیەدا تێپەڕدەبوو.

**دەرئەنجام:**

١- بەهۆی هەڵکەوتەی شوێنی کوردستان کە کەوتۆتە نێوان وولاتانی ئەوروپا و ئاسیا، پێگەیەکی گرنگی هەرێمی و نێودەوڵەتی بۆ دەستبەرکردوە.

٢- بە گەڕانەوە بۆ ساڵی ١٩١٦ دەبینین بەرفراوانترین هۆکاری گواستنەوە بریتی بووە لە خودی مرۆڤەکان خۆیان، پاشتر ئاژەڵەکان، هەرچی تایبەتە بە ئۆتۆمبێل و فڕۆکە، ژمارەیان زۆر سنوردار بووە، چونکە تازە کەوتبونە بواری بەکارهێنانەوە، بەڵام ئەوەی تایبەتە بە هۆکاری گواستنەوەی شەمەندەفەر، ئەگەر چی سەدەیەك بوو لە وولاتانی پیشەسازی دەکەوتبوو، بەڵام بەهۆی نەبوونی هێڵی پێویستی ئاسنین لەناوچەی لێکۆڵینەوەکەدا، ئەم جۆرەی گواستنەوە زۆر گەشەی نەکردبوو، ئەگەر چی گواستنەوەی ئاوی تاڕادەیەك پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیبوو.

٣-گرنگیدان بە ڕێگاکانی گواستنەوە هێندە گرنگە تەنانەت لە ڕێکەوتنامەی هەرێمی و نێودەوڵەتیەکانیش دا گرنگیەکەی لەبەرچاو دەگیرێت و گرنگی پێدەدرێت و ڕێکەوتنی لەسەر دەکرێت وەك لە مادەکانی ڕێکەوتنامەی سایکس- پیکۆ دا ئاماژەی پێکراوە.

٥- گرنگی هەڵکەوتەی جوگرافی کوردستان وایکردووە ناوچەیەکی سەرەکی گواستنەوەی نێوان وولاتانی ئەوروپا و ئاسیا بێت، بۆیە بوونی ڕێگایەك لە ناوچەکەدا ودەستگرتن بەسەر ئەو ڕێگایەدا، سەقامگیری و هێزێکی مەزنی ئابووری و سیاسی و سەربازی دەبەخشێت بەو دەسەڵاتە. بۆیە ململانێیەکی زۆر توندی جیهانی لەسەر دروست ببوو.

**پێشنیار**

١- بەمەبەستی دەستەبەرکردنی بەرژەوەندی ئابوریبە هەمیشەیی باشوری کوردستان و نەکەوتنە ژێر گوشار و فشاری هیچ دەوڵەتێکی هەرێمییەوە، باشترە هۆکارەکانی گواستنەوەی کوردستان هەمەجۆر بێت، وەك گواستنەوە بە ئۆتۆمبێل، بە بۆری... بۆیە باشترە زیاتر لە ڕێگەیەکیش هەبێت بۆ هەناردەکردنی دەرامەتی سروشتی و بەروبوومەکانی بۆ بازاڕەکانی جیهان.

٢- بەمەبەستی کەمکردنەوەی چ تێچوونی هاوردەکردن، چ تێچوونی هەناردەکردن، دەکرێت سود لە دروستکردنی هێڵی شەمەندەفەر وەربگیرێت کە باشور و ڕۆژئاوای کوردستان ببەستێتەوە بە وولاتانی هەرێمی و بەندەر و بازارەکانی جیهانەوە.

٣- زۆر گرنگە دەسەلاتداری کوردی بە ڕاوێژ لەگەڵ کەسانی پسپۆڕ و ناوەندە ئەکادیمیەکان بیر لە فرەیی هۆیەکان و ڕێگای گواستنەوەی جۆراوجۆر بکەنەوە، ئەمە جگە لەوەی لە ڕووی ئابورییەوە سەنگی هەرێمی کوردستان سەنگین تر دەکات، لە ڕووی سەربازییشەوە، دەرفەتێکی باش بۆ پارێزگاریکردن لە خاکی کوردستان مسۆگەر دەکات.

٤- کوردستان پێگەیەکی گرنگی هەبووە لە سەدەی ڕابوردوودا، بۆیە وولاتانی زلهێز لە ڕێکەوتننامەی سایکس- پیکۆ لەنێوان خۆیان دابەشیانکرد، لەجەنگی ساردا پێگەی کورستان زۆر ڕووی لەهەڵکشانکرد، ئێستاش پاش ٢٥ساڵ لەداپڕانی سۆڤیەت لەشانۆی ڕامیاری و ئابوری و سەربازی جیهانی، جارێکی تر هاتۆتەوە ناوچەی سایکس- پیکۆ، ئەمەش گرنگی کوردستانی گەیاندۆتە لوتکە. بۆیە لەسەر پارت و سەرکردایەتی کورد پێویستە هەموو هەوڵێکیان بۆ قۆستنەوەی پێگەی هەرێمی کوردستان بێت لە خزمەتی دۆزی نەتەوەیی و نیشتمانی کوردستان.

**ليستى سەرچاوەكان:**

**يەكەم: عەرەبی**

**أ–كتێب**

**١–أسكندر، سعد بشير، من التخطيط الى التجزئة سياسة بريطانيا العظمى تجاه مستقبل كردستان ١٩١٥–١٩٢٣، ط١، مطبعة شڤان، سليَماني، ٢٠٠٧.**

**٢–بلال، عبدالحميد و أخرون، جغرافية الآقتصادية، ط٤، مطبعة النجاح، بغداد، ١٩٥٢.**

**٣–الحريري، فاروق، الحرب العالمية الآولى، ط١، مطبعة أوفسيت، بغداد،١٩٩٠.**

**٤–حسين، عدنان االسيد، الجغرافيا السياسية و الأقتيصادية و السكانية للعالم المعاصر ، المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر و التوزيع ، بيروت، ط١، ١٩٩٤.**

**٥–خلف، جاسم محمد، جغرافية العراق (الطبيعية و الآقتصادية و البشرية)، ط٣، دار المعرفة، قاهرة، ١٩٦٥.**

**٦–السماك، محمد أزهر سعيد و أخرون، جغرافية النقل بين المنهجية و التطبيق، ط١، دار بن الأثير، موصل، ٢٠٠٨.**

**٧–الشواورة، علي سالم حميدان، جغرافية النقل و تطورها، ط١، دار صفاء، عمان، ٢٠١٢.**

**٨–لازاريف، م.س.، المسألة الكردية، ١٨٩١–١٩١٧، ت: اكبر أحمد، ط١، مركز كردستان للدراسات الآستراتيجية، سليمانية، ٢٠٠١.**

**٩–مظهر، أحمد، كمال، كردستان في سنوات الحرب العالمية الاولى، ت: محمد الملا عبد الكريم، ط٢، دار أفاق، بغداد، ١٩٨٤.**

**١٠–وائي، أديث و أيف ، بينروز، العراق (دراسة في علاقات الخارجية و تطورات الداخلية)، و: عبدالمجيد حسيب القيسي، ط١، الدار العربية، لبنان، ١٩٨٩.**

**ب–أطروحة دكتوراه و رسالة ماجستر:**

**١–بدّي، مها ذياب حميد، منظمة التجارة العالمية والأمن القومي العربي(دراسة في الجغرافية السياسية)، أطروحة دكتوراه ، كلية الآداب ، جامعة بغداد، ٢٠٠٤.**

**٢–الزيدي، شاكر ظاهر فرحان، جغرافية الانتخابات البرلمانية في العراق لعام ٢٠٠٥(دراسة في جغرافية السياسية)، رسالةماجستر، كلية الآداب – جامعة بغداد، ٢٠٠٧.**

**٣–فتح اللة، محمد رؤوف سعيد، تطوير النقا بالسكك الحديد و دوره في عادة توطين المنشأت الصناعة الكبيرة في العراق، أطروحة دكتوراه، كلية الأدارة و الأقتصاد، جامعة المستنصرية، ١٩٩٦.**

**دووەم: كوردی:**

أ-كتێب

١-ڕەحمانی، وریا، کوردستان و کورد لە ڕوانگەی نەخشەوانییەوە، چ١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٠٩.

٢-عەتەوی، عەبدوڵا، دەوڵەت و کێشە نێودەوڵەتییەکان، و:جەزا تۆفیق تالیب و ئەحمەد عەلی ئەحمەد، چ٢، چاپەمەنی گەنج، سلێمانی، ٢٠٠٧.

٣-غەفور، عەبدوڵا، جوگرافیای کوردستان، چ٤، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥.

٤-غفور، عبدالله، جوگرافیای باشووری کوردستان، چ١، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ٣٠٩.

٥-غەفور، عەبدوڵا، جوگرافیای ئابووری نەفت لە کوردستاندا، چ٣، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٠.

٦-قاسملوو، عبدالرحمان، کوردستان و کورد، و:عبدالله حسن زادە، چ٢، بەبێ چاپخانە، هەولێر، ٢٠٠٦.

٧-محەمەد ئەمین، کامەران ئەحمەد، کوردستان لە نێوان ململانێ نێودەوڵەتی و ناوچەییدا١٨٩٠-١٩٣٢، چ١، چاپ و ئۆفیسی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٠.

٨-واگنەر، هیسەر لێهر، کوردستان لە نێوان سیڤەر و سنورە دەستکردەکاندا، و:شەفیقی حاجی خدر، چ٢، چاپخانەی ئاوێر، هەولێر، ٢٠١٥.

ج:گۆڤار

١-تالیب، جەزا تۆفیق، هاتوچۆو ڕێگاوبان و پرۆسەی سەربازی، گۆڤاری چیا، ژمارە (٢٣)، سلێمانی، ٢٠٠٩.

٢-نەقشبەندی، ئازاد، دەربارەی گواستنەوەی نەوتی کوردستانی عێراق، گۆڤاری سیاسەتی دەولی، ژ ١٢، سلێمانی، ١٩٩٥.

سێیەم: ئینتەرنێت

١-بەبێ ناوی نوسەر، ، تأریخ طیران،٢-٢-٢٠١٦ https://ar.wikipedia.org/wiki،

٢- بەبێ ناوی نوسەر، ، الأسکندرونة ،٢-٢-٢٠١٦ https://ar.wikipedia.org/wiki،.

٣- بەبێ ناوی نوسەر، ، سکة حدید بغداد ،٢-٢-٢٠١٦ https://ar.wikipedia.org/wiki،

## گواستنەوە لە بەندەکانی ڕێکەوتنامەی سایکس–پیکۆدا

کوردستان بەهۆی هەڵکەوتە جوگرافیەکەی و دەرامەتە ئابووریەکانیەوە بەردەوام بووەتە ناوچەی ململانێی لەلایەن وولاتە زلهێزەکان و وولاتانی دراوسێیدا، هەریەك لەم وولاتانە بەشێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ مەبەستیان بووە دەستبگرن بەسەر ناوچەکەدا هەر بۆ ئەم مەبەستە ڕێکەوتنامەیەك لە ساڵی ١٩١٦دا لە نێوان فەڕنسا و بەریتانیادا بەسترا بۆ دابەشکردنی ناوچەی ژێر دەسەلاتی دەوڵەتی عوسمانی کە بەشێکی ئەم دەوڵەتە پێکهاتبوو لە کوردستان هەر لە مادەکانی ئەم ڕێکەوتنامەیەدا باس لە گواستنەوە کراوە لە کوردستاندا، ئێمەش بەباشمانزانی لەو هۆکاری گواستنەوانە بکۆڵینەوە کە لەم ڕێکەوتنامایەدا باسکراوە و شێکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ بکەین.

## النقل في بنود اتفاقية سايكس – بيكو

بسبب الثروات الهائلة في كوردستان وطبيعتها ومكانتها الجغرافية كانت كوردستان ولا يزال مكاناً لصراعات وتصفية حساب بين الدول الكبرى كل دولة حاولت بشكل أو باخر السيطرة على هذه المنطقة لهذا ابرمت اتفاقية سايكس – بيكو سنة ١٩١٦ بين فرنسا وبريطانيا لغرض تقسيم المنطقة الواقعة تحت سلطة الدولة العثمانية والتي كانت كوردستان جزءاً منها، حيث ذكر في بنود هذه الاتفاقية موضوع ( النقل ) في كوردستان والذي نحن نأخذه بمجمل من الجد ذكر اسبابه وأهميته ودارسته جغرافياً .

## Transportation in the Sykes-picots articles agreement

Kurdistan geographical location and economy cased to disputed area between the grate international states and regional states, all of them direct and indirect want to control Kurdistan, so that France and Britain divided inheriting ottoman empire (include Kurdistan) between themselves in 1916, in the Sykes –picot agreement contains transportation terms .as we know they through in Kurdistan, there for we have chosen the transportation in the agreement to make geographical analyses.